# فەلسەفەی تەلارسازی

ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

زۆر جار کە باسی فەلسەفەی تەلار، یان فەلسەفەی تەلارسازی دەکرێت، یەکەم پرسیار بریتییە لەوەی: فەلسەفەی تەلارسازی چییە؟ سەر بە چ کایەیەکی هونەری، یان زانستییە؟ ئایا تەلار و تەلارسازی خاوەندی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆیانن؟ تەلارسازی دەچێتە خانەی هونەری، یان دەچێتە خانەی زانستەکان؟ پرۆسەی پێشڤەچوون و گەشەسەندنی تەلارسازی چ پێوەندییەکی بە مێژووەوە هەیە؟ ئایا باکگراوندێکی مێژووییانەی هەیە، یان ڕەوتێکی نوێیە؟ ئەمانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکەش لەم بوارەدا هەمیشە ئامادەییان هەیە، بەڵام کاری سەرەکی ئێمە جەخت دەکاتە سەر ئایدیا و تیۆر و فەلسەفەی تەلارسازی، لەم چوارچێوەیەدا هەوڵدەدەین لەناو ئەم وتارەدا ئیشێکی تایبەت بکەین.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی مۆدێرنیتێی فەلسەفی، قسەی زۆر لەبارەی پێوەندی نێوان تەلارسازی و فەلسەفە هاتووەتە گۆڕێ، قسە و باسی زۆر لەبارەی تێگەیشتن لە چەمکی فەلسەفە لەنێو بواری تەلارسازی سەری هەڵداوە، لە کاتێکدا هەموو سەردەمەکان هەمیشە جۆرێک لە فەلسەفە و جۆرێک لە ئایدیا و جۆرێک لە تێگەیشتن لە پشت تەلارسازییەوە بووە، هیچ سیستمێکی تەلارسازی نییە لە باکگراوندی خۆیدا، بێ ئایدیا

و بێ فەلسەفە بێ، بۆیە لە قۆناغی مۆدێرنیتێدا هەوڵ دراوە لەو فەلسەفە و ئایدیایە بکۆڵرێتەوە کە بووەتە باکگراوندی تەلارسازی ئەو قۆناغە.

ڕەنگە زۆر جار، ئەو ئایدیایە، یان ئەو ڕوانگە فەلسەفییە بە ڕوونی و ڕاشکاوی گوزارشتی لێ نەکرابێت، یان بە شێوەیەکی تیۆری و بەرجەستەکراو گوزارشتی لە خۆی نەکردبێت، بەڵام بەردەوام لەنێو تەلارسازیدا فەلسەفە و ئایدیایەک ئامادەیی هەبووە، تەنانەت ئەگەر بۆ تەلارسازی هەرە کۆنی قۆناغی مرۆڤایەتی بەراییش بگەڕێینەوە. هەبوونی پێوەندییەکی ئەوها شاراوە و ئاڵۆز و نادیار، یان ناڕۆشن، بەرجەستەنەبوونی فەلسەفە بە شێوەیەکی ڕوون، یان نەبوونی تیۆری فەلسەفی ڕوون و ڕاشکاو لەبواری تەلارسازی کۆندا، پاڵی بە هەندێک کەسەوە ناوە پێیان وابێت بواری تەلارسازی، بوارێکی تەواو ئەندازەیییە و هیچ پێوەندی بە سیستمی ئایدیا و فەلسەفییەوە نییە، بێگومان ئێمە پێمان وایە ئەمە بۆچوونێکی ناکامڵ و ناتەواوە.

هەمیشە ئایدیا و فەلسەفە و تیۆر و زانست و هونەر و مێژوو، بەشێکی گرنگی نێو ڕوانگە و کاری تەلارسازی بووە، هەمیشە فەلسەفە و ئایدیا و تیۆر و زانست و هونەر و باکگراوندی مێژوویی و ژینگەی تەلارسازی و جوگرافیا و خاک، توخمێکی سەرەکی نێو کاری تەلارسازی بوون و بە ڕوونی تێیدا بەرجەستەکراون، بەڵام ڕەنگە زۆر جار تیۆریزە نەکرابن، لە شێوەی نووسینی تیۆری و لە ڕوانگەی مرۆڤ و شارستانییەتەکانەوە گوزارشتیان لێ نەکرابێت.

ئەگەر خوێنەر وردبێت، دەبینێت ئێمە لێرەدا زاراوە و وشەی فەلسەفە و ئایدیا و تیۆر و زانست و هونەر و مێژوو، بە مانای جیاواز و سەربەخۆ بەکاردەهێنین، چونکە دەمانەوێت لە سەرەتاوە جیاکاری لەنێوان ئایدیای تەلارسازی، فەلسەفەی تەلارسازی، تیۆری تەلارسازی، زانستی تەلارسازی، هونەری تەلارسازی، ئەندازەی تەلارسازی و مێژووی تەلارسازی بکەین، پێمان وایە هەر یەکێک لەمانە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیان هەیە و پێویستە جیاوازییەکانیان ڕەچاو بکەین، ئەگەرچی لە کۆتاییدا وەک گشتێک لەناو فەلسەفەی تەلارسازیدا پۆلێنیان دەکەین و تەماشایان دەکەین، ئەوجا پەیوەستیان دەکەین بە ژینگەی سروشتی تەلار و جوگرافیا و کەشوهەوا و جۆری ئەو خاکەی تەلاری لەسەر دروست دەکرێت.

جیانەکردنەوەی ئەم زاراوە و چەمک و وشانە لەنێو بابەتی توێژینەوە تەلارسازییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی هەندێک لە توێژەر و نووسەرانی بواری تەلارسازی، کە بێگومان خۆیان لە ڕووی ژمارەوە زۆر نین، تووشی هەڵەی تێکەڵاوکردنی ئەو چەمکانە بێن، بۆیە وەک هەوڵێکی سەرەتایی بۆ لەیەکتری جیاکردنەوەی ئەم کایانە، هەوڵدەدەین ئەم چەمکانە لەنێو بواری تەلارسازیدا پێناسە بکەین، دواتر بۆ نێو قووڵایی بابەتەکە شۆڕدەبینەوە و لە بەشەکانی دواتردا وردتر شرۆڤەیان دەکەین.

## ئایدیای تەلارسازی

بریتییە لەو کارە داهێنەر و چارەسەرە داهێنەر و ئافریدەکارەی بۆ کێشەیەکی تەلارسازی دەخرێتە ڕوو، تا ئامانجێکی دیاریکراو بەدەست بهێنێت، کە نەخشەی بنەڕەتی تەلارەکە دەیسەپێنێت. دەشێت ئایدیای تەلارسازی سادە، یان ئاڵۆز بێت، لەناکاو، یان پێشبینیکراو بێت، لە ڕووی ئابوورییەوە خەرجییەکی زۆری تێبچێت، یان کەم، شتێکی تایبەت و جیاواز بێت، یان

ئاسایی و باو ... تاد، هەموو ئەوانە بەشێکن لە ئایدیای سەرەکی نەخشەی تەلارسازی و دەکەونە ژێر باری پرۆسەی نەخشەسازی و کاری بنەڕەتین.

پرۆسەی نەخشەسازی و داڕشتنی ئایدیایەک لەسەر کاغەز، ئەوجا لەسەر ئەرزی واقیع، دەبێت کۆمەڵێک فاکتەری جیاواز ڕەچاو بکات، کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ئایدیای تەلارسازییەوە هەیە. دەبێت باری تۆپۆگرافی خاک و ئەو زەوییە ڕەچاو بکات، کە تەلارەکەی لەسەر دروست دەکرێت، ئەوجا ژینگە و کەشوهەوای ناوچەکەش ڕەچاو بکات، شوێنی جوگرافی و ڕووی تەلارەکە ڕەچاو بکات، شوێنی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون، نزیکی و دووری لە شەقامی خێرا، هەموو ئەوانە بە باری دیموگرافی شار و ئەو ناوچەیەوە پەیوەستن، کە تەلارەکەی لێ دروست دەکرێت.

لەپاڵ ئەو فاکتەرانەدا، پێویستە هەندێک فاکتەری مێژوویی و کولتووری ناوچەکەش ڕەچاو بکرێن، فاکتەری وەزیفەی تەلارەکە ڕەچاو بکرێت و هەر لە سەرەتاوە لەنێو ئایدیای بنەڕەتیدا وەزیفەی تەلارەکە دەستنیشان بکرێت، چونکە دەستنیشانکردنی وەزیفەی تەلار کاریگەری لەسەر زۆرینەی فاکتەرەکانی دیکە هەیە.

لەپاڵ گرنگیی وەزیفەی تەلاردا، ئەو مەتریال و ماددانەی لە دروستکردنی بەکاردەهێنرێن، بەشێکی گرنگی ئایدیای بنەڕەتی تەلارەکە پێکدەهێنن، چونکە ئەو ئایدیایە یەکلایی دەکاتەوە چ جۆرە مەتریالێک لە دروستکردندا بەکاردەهێنرێت، ئایا پشت بە ماددەی سروشتی و خاوی ناوچەکە دەبەستێت، یان پشت بە ماددەی هاوردەکراوی دەرەکی دەبەستێت، ئەمانە پرسی گرنگن لە کاتی داڕشتنی ئایدیای تەلارسازیدا.

لایەنی ئیستێتیکی و جوانی تەلارەکەش یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان کە لەسەر بنەمای ئایدیای بنەڕەتی دادەمەزرێت، چونکە بێجگە لە لایەنی جوانی و هونەری و ئیستێتیکی، پێوەندی بە خەرجی دابینکراو بۆ تەلارەکەش هەیە، دەبێت لەسەر بنەمای خەرجی دابینکراو لایەنی ئیستێتیکی تەلارەکە لەنێو ئایدیای بنەڕەتی دابڕێژرێت. هەموو ئەو فاکتەرانە پێکەوە بەشێکن لە ئایدیای بنەڕەتی تەلار و فەلسەفەی تەلارسازی، بۆیە پێویستە لە کاتی داڕشتنی نەخشەی بنەڕەتی تەلاردا ڕەچاو بکرێن و حیسابی تایبەتییان بۆ بکرێت.

## فەلسەفەی تەلارسازی

فەلسەفە لەنێو بواری تەلارسازی بریتییە لەو بزوێنەرە سەرەکییە کە ئایدیا دەبزوێنێت و دەجووڵێنێت، چونکە هەموو ئایدیایەک لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی دیاریکراو دادەمەزرێت، هەموو ئایدیایەک پشت بە فەلسەفە و ڕوانگەیەکی فەلسەفی دیاریکراو دەبەستێت. لێرەوە فەلسەفە لە بواری تەلارسازیدا دەبێتە شێوازی ڕوانینی تەلارساز بۆ جیهان و گەردوون، دەبێتە شێوازێک بۆ تێگەیشتن لەو جیهان و گەردوونەی کە تەلارساز گەرەکیەتی تێیدا بژی و تەلاری تێدا بنیاد بنێت. بێگومان فەلسەفەی تەلارسازی وەک هێزێکی بێلایەن لە دوورەوە تەنیا باکگراوندە فەلسەفییەکە بە تەلارسازان دەبەخشێت، باکگراوندێکی وا کە زۆر جار لەگەڵ هونەر و ئەندازە و زانست تێکەڵاوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە تەماشای تەلارسازی بکەین، ئێمە چەندان ڕێباز و قوتابخانەی فەلسەفیمان لە بواری تەلارسازیدا هەیە ـ بێگومان دواتر بە وردی ئیشیان لەسەر دەکەین- ئەو

ڕێبازە فەلسەفییانە بە پشتبەستن بە تێگەیشتن و فەلسەفەی جیاواز و تایبەتی خۆیان، تەماشای پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ دەکەن، ئەوجا لەمیانەی ئەم تێگەیشتنەوە فەلسەفەی تایبەت بە سروشتی تەلارسازی سەرهەڵدەدات کە خاوەنی سیفەت و تایبەتمەندی و جیاوازی خۆیەتی.

بەشێک لە بیریار و فەلسەفەکاران پێیان وایە چۆن هەر سەردەمێک خاوەنی فەلسەفەی تایبەت بە خۆیەتی، یان وەک ئەوەی هیگڵ دەڵێت هەموو فەلسەفەیەک کوڕی سەردەمی خۆیەتی، بەرهەمی سەردەمی خۆیەتی، فەلسەفەیەک کاریگەری بەسەر مرۆڤ و پێوەندییە سروشتییەکان و ژیار و شارستانیەتی ڕوحی مرۆڤ و کولتوور و ڕۆشنبیری گشتییەوە هەیە، ئەوهاش هەموو سەردەمێک تەلارسازییەکەی هەڵقوڵاوی فەلسەفەی زاڵ و باو و باڵادەستی سەردەمی خۆیەتی ــ بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەموو سەردەمێک ڕیزپەڕ و ئاورتەیی خۆی هەیە ــ گوزارشت لە فەلسەفەی گشتی سەردەمی خۆی دەکات.

## تیۆری تەلارسازی

چەمکی تیۆری تەلارسازی چەمکێکی کۆنە، بۆ یەکەم جار لە یەکەم سەدەی زایینی، لەلایەن ئەندازیارانی شارستانیەتی ڕۆمانییەوە بەکارهێنراوە، بە تایبەتیش ئەم چەمکە "تیۆری تەلارسازی" لەلایەن ڤیترۆڤیۆس بەکارهێنراوە کە لە یەکەم سەدەی پێش زایینیدا ژیاوە و چەند کتێبێکی لەبارەی تەلارسازییەوە بە ناوونیشانی (تەلارسازی ــ دی ئەرکیتیکۆرا) نووسیوە. لەلای ڤیترۆڤیۆس تیۆری تەلارسازی دەبێت پشت بە سێ توخمی سەرەکی ببەستێت کە بریتین لە: پتەوی، حەسانەوە، جوانی ــ ئیستێتیکا، تا سەردەمی ڕۆشنگەریش ئەم تیۆرە کاریگەری گەورەی بەسەر بواری تەلارسازییەوە هەبوو. (١)

ئامانج لە دارشتنی ئەم چەمکە لەنێو خوێندنی ئەندازە و تەلارسازی ئەوە بوو کە ئەندازیارە ڕۆشنبیرەکان لەمیانەی بەکارهێنانی ئەم چەمکە خۆیان لە ئەندازیارانی ئاسایی و باو جیا بکەنەوە، لەمیانەی تێگەیشتنیان لە تیۆری تەلارسازی ڕوانگەی تایبەتی خۆیان فۆرمۆلە بکەن، یەکەم جار لەنێو ئایدیا و بیرکردنەوەی خۆیان، ئەوجا لەسەر کاغەز وەک نەخشەیەکی ئەندازەیی، لە کۆتاییشدا لەمیانەی بەرجەستەکردنی ئەم تیۆرە لەسەر فۆرمێکی تەلارسازی تایبەت.

ئەم خۆجیاکردنەوەیە لەسەر بنەمای گەشەکردنی زانستی ئەندازەی تەلارسازی دامەرزابوو، پێوەندی بە تیۆرێک بۆ تەلارسازی هەبوو کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری جیاواز دامەزرابوو، ئەم فاکتەرانە هەموویان وەک فاکتەری لۆژیکی بۆ تەلار تەماشا دەکران، بۆیە جەختیان لەوە کردووەتەوە تیۆری تەلارسازی دەبێت لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بڕیاری لۆژیکی دابمەزرێت، ئەو بڕیارە لۆژیکییانەش بەشێکی بنچینەیی و سەرەکین لەنێو پرۆسەی داهێنانی تەلارسازیدا.

ئەم تیۆرە ئێستا جەخت لەوە دەکاتەوە کە دروستکرنی نەخشەی هەر تەلارێک، لەمیانەی کۆمەڵێک پرۆسەی داهێنەرانەی هزرییەوە بەرهەم دێت، ئەم پرۆسەیە هەوڵدەدات خەیاڵ و عەقڵ لەنێو زەینی نەخشەسازی داهێنەردا پێکەوە بخاتە کارلێکردنێکی بەردەوام، تا لە کۆتاییدا نەخشەیەک بەرهەم بێت، لە لایەک داهێنانێکی تازە بێت، لە لایەکیش خەیاڵێکی قووڵی لە پشتەوە بێت.

تیۆری تەلارسازی کار لەسەر شرۆڤە و وتووێژی تیۆری و زانستی و فەلسەفییانە دەکات بۆ هەموو

ئەو پرسانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە تەلارسازییەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەری هەیە. تیۆری تەلارسازی جەخت لەسەر بنەما گشتییەکان دەکاتەوە، نەک وردەکارییەکانی تەلار و تەلارسازی، هەروەها تیۆری تەلارسازی کاتێک ئیش لەسەر مێژووی تەلارسازی دەکات، وەک ماددەیەکی گرنگ و جەوهەری ئیشی لەسەر ناکات، بەڵکوو تەنیا بۆ توێژینەوە و تێگەیشتن لە مێژووی ڕابوردووی تەلارسازی ئیشیان لەسەر دەکات، تا بزانرێت قۆناغەکانی گەشەکردنی تەلارسازی چۆن بووە و مرۆڤی داهێنەر چۆن لەگەڵ مێژووی ڕابوردووی خۆی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی دروستکردووە، ئەوجا تەلارێک دروست دەکات لەگەڵ واقیعی تازەی کولتووری و ژیاری بگونجێت.

لەگەڵ ئەوەش، مێژوو لەنێو ئەم تیۆرەدا تەوەرێکی گرنگە، چونکە تیۆری تەلارسازی لە بواری توێژینەوەی تەلارسازیدا پشت بە مێژوو دەبەستێت و تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمیش مێژووی تەلارسازی وەک بەشێک لە تیۆری تەلارسازی دەخوێنرا و جەختی لەوە کردووەتەوە هەر سەردەمێکی مێژوویی لەنێو هەر شارستانیەتێک، خاوەنی کۆمەڵێک بنەمایە کە گوزارشت لە ڕوحی سەردەمی خۆیان دەکەن، لێرەوە ئەم تیۆرە پشت بە باکگراوندێکی فەلسەفی قووڵ بۆ خوێندنەوەی مێژووی تەلارسازی دەبەستێت.

ئەگەر هەموو فەلسەفەیەک نەوە و بەرهەمی شارستانیەت و سەردەمێکی تایبەتی خۆی بێت، ئەوە تیۆری تەلارسازییش پێی وایە هەر تەلارێک بۆ خۆی گوزارشت لە ڕوحی ئەو سەردەمە مێژووییە دەکات، نەوە و بەرهەمی ئەو سەردەمەیە، گوزارشتە لە ئایدیا و بیرکردنەوەی ئەو نەتەوە و ئەو گەلەی بەرهەمیان دەهێنێت، کەواتە بە پشتبەستن بە تێگەیشتن لە مێژووی فەلسەفە، ئەم تیۆرە پێی وایە چۆن مرۆڤ مێژووی فەلسەفە دەخوێنێت، ئەوهاش دەتوانرێت لەمیانەی پاشماوەی تەلارە مێژووییەکان مێژووی تەلارسازی بخوێنرێت و لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەبارەوە بکرێت. لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ نەوەک هەر دەتوانێت لە بیرکردنەوە و خەیاڵی تەلارسازی سەردەمە کۆنەکان تێبگات، بەڵکوو یارمەتیمان دەدات بزانین شارستانیەتە کۆنەکان لەسەر چ بنەمایەک خەیاڵی ئەندازەی تەلارسازیی خۆیان دامەزراندووە، چ شتێک لەلایان جێی بایەخ بووە، چۆن توانیویانە وەزیفەی تەلار و ئیستێتیکای تەلارسازی پێکەوە گرێ بدەن.

لایەنگرانی تیۆری تەلارسازی جەخت لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ ناتوانێت تەلار لەو هزر و فەلسەفە و بیرکردنەوە و خەیاڵە دابپڕێنێت، کە نەخشەی بۆ کێشاوە، ناتوانێت ئەو ئایدیا باڵایانە فەرامۆش بکات کە تەلارسازی کۆنی لەسەر دامەرزاوە، لەم ڕوانگەیەوە بەشێک لە توێژەرانی بواری تەلارسازی هاتن ئیشیان لەسەر گەشەکردنی فۆرمی تەلارسازی کرد، بە تایبەتیش لە یۆنانی کۆنەوە بە تێپەڕین بە شارستانیەتی ڕۆمانی تا دەگاتە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپی.

لە دوای شۆڕشی فەرەنسی لە فەرەنسا، تیۆری تەلارسازی زیاتر وەک تیۆرێک بۆ مێژووی تەلارسازی تەماشادەکرا و دەخوێنرا، بۆیە بەشێکی زۆری تیۆرە مەعریفییەکان خرانە نێو بواری تەلارسازی و جەخت کرایە سەر کۆمەڵێک چەمکی وەک: عەقڵ و عەقڵانییەت، سروشت، مرۆڤ و یاسا و ئیستێتیکاو... تاد. وا تەماشای لقە مەعریفییەکانی تایبەت بە زانستە سروشتی

و کۆمەڵایەتییەکان دەکرا، وەک ئەوەی بەشێک لە زنجیرەیەکی مێژوویی نێو فەلسەفەی تەلارسازی بن و لێی دانابڕێن، دواتر پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین پێش شۆڕشی فەرەنسی، خوێندنی سیستمی تەلارسازی بەشێک بوو لەنێو قوتابخانە هونەرییەکانی شاری پاریس، بەو مانایەی وەک لقێکی زانستی ئەندازیاری تەماشا نەدەکرا و نەدەخوێنرا، بەڵکوو وەک بەشێک لە هونەرە جوانەکان دادەنرا و تەماشا دەکرا، چونکە فەرەنسییەکان ئەوەندەی بایەخیان بە ڕوانگەی ئیستێتیکی دەدا، ئەوەندە بایەخیان بە لایەنی ئەندازەیی نەدەدا، لەبەر ئەوەی لایەنی ئەندازەیی تەلارسازی وەک شتێکی بەدیهی ئامادە بوو.

هەر ئەو کاتیش لە ئیتاڵیا قوتابخانەی ئەندازەی تەلارسازی بەشێک بوو لە قوتابخانەی شێوەکاری و پەیکەرتاشی، بەڵام بە سەربەخۆییەکی زیاترەوە و بە بایەخێکی زیاتریش بە بنەماکانی ئەندازیاری، بۆیە لەم لایەنەوە ڕوانگەی فەرەنسی و ئیتاڵییەکان هاوشێوە بوو.

لێرەدا دوای شۆڕشی فەرەنسی و لە سەدەی نۆزەدیەم، ئەم جۆرە تێکەڵاوییە لەنێوان تیۆری تەلارسازی و تیۆری هونەری هەر هەبوو، خەریکبوو دەبووە هۆی جیابوونەوە و دابڕانی نێوان ئەم دوو تیۆرە. هەندێک لە توێژەران جەختیان لەوە کردەوە تیۆری تەلارسازی جۆرێکە لە پراکتیککردنی فەلسەفەیەکی گشتی بەسەر بواری هونەری، یان بەسەر جۆرێکی دیاریکراو لە هونەردا، کە هونەری تەلارسازییە. بەشێکی تریش پێیان وابوو ئەگەرچی تیۆری تەلارسازی لەمیانەی کۆمەڵێک سیفەتی هاوبەش پەیوەستە بە هونەر، یان هونەرە جوانەکان بەگشتی، بەڵام جیاوازە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و نابێت وەک بەشێک لە هونەرە جوانەکان تەماشا بکرێت، بەڵکوو دەبێت وەک بەشێک لە زانستی ئەندازە بخوێنرێت و تەماشا بکرێت.

گرووپی یەکەم پێیان وایە هونەر بەگشتی خاوەنی تیۆرێکی تایبەتی خۆیەتی، تیۆری تەلارسازیش بەشێکە لەم هونەرە. گرووپی دووەم پێیان وایە ئەگەرچی تەلارسازی بە جوانی و ئیستێتیکاوە پابەندە، بەڵام بەشێکی بنەڕەتیی هونەرە جوانەکان نییە، بەڵکوو وەک زۆر بواری تری ژیان سوود لە هونەرە جوانەکان دەبینێت بۆ دروستکردنی گۆشەنیگایەکی ئیستێتیکییانە.

ناودارترین و گرنگترین پرسیار لە ناو بواری تەلارسازی، بریتییە لەم پرسیارە: ئایا تەلارسازی هونەرە، یان زانستە؟ بێگومان لەلای من، تەلارسازی بریتییە لە زانست، کۆمەڵێک بنەمای تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە تەلارساز زۆر بە باشی لە زانستی میکانیک و کیمیا و زانستە سروشتییەکانی وەک دەنگ و لەرینەوەی دەنگەکان و ڕووناکی و هەواکێشی شارەزا بێت. پێویستە بتوانێت لە ماوە و کاتی دیاریکراودا تەلار تەواو بکات و بنەماکانی زانستی فیزیایشی خوێندبێت.

بەڵام تەلارسازی لە کۆمەڵێک بواری هونەری جیاواز لەبارەی هەستەکان و فۆرمی هونەری بێبەش نییە، چونکە ئەگەر تەلارسازی تەنیا زانستێکی پەتی بووایە، ئەو کات دەبوو هەموو تەلارەکان لاکێشە، یان چوارگۆشە بن. ئەوە ڕوانگەی هونەری تەلارسازە کە دەتوانێت فۆرمی تایبەتی و جیاوازی هونەری بە تەلار ببەخشێت. لێرەوە تەلارساز پێویستە لەسەری بتوانێت ڕوانگەی هونەری تەلارسازی خۆی جیا بکاتەوە، لە ڕوانگەی ئەندازەیی و دروستکردنی تەلار، چونکە دەبێت بە وردی حیسابی هێڵەکانی

کارەبا و ئاو و ئاوی زێراب و هەواکێشی نێو تەلار بکات، چونکە ئەمانە بەشێکی گرنگی ئەندازەی تەلارسازین.

جۆن ڕاسکین لەبارەی ئەم پرسیارەوە دەڵێت: " دەتوانین مرۆڤ فێری کێشانی ڕاستە هێڵ بکەین، دەتوانین فێری بکەین هێڵی خوار بکێشێت، چوارگۆشە و لاکێشە و سێگۆشەش دروستبکات، بە شێوەیەک جێگەی سەرسامی بێت، بەڵام ئەگەر داوای لێ بکەین بیر لەم فۆرمانە بکاتەوە، هیچ شتێک لەنێو مێشکی خۆی نادۆزێتەوە و دەوەستێت و بیر دەکاتەوە. گرنگ نییە چەند بە هەڵەدادەچێت و لە بیرکردنەوەدا هەڵە دەکات، ئەوەش کارێکی ئاساییە، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە تۆ لەبەردەم مرۆڤێکی هونەرمەند و بیرکەرەوەیت، مرۆڤێک لە شێوەی ئامێر، تەنیا ئامراز و ئامێرێکە". (٢)

ئەگەر تەلارسازی لە یەک کاتدا هەم زانست و هەم هونەریش بێت، لێرەوە دەبێتە بەشێک لە هونەرە جوانەکان، چونکە تەلارسازی خاوەنی هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی وەک خەیاڵ و هەستی داهێنەرانە و ئیستێتیکایە لە پێکهاتەی خۆیدا، بنچینەی کارکردن لەنێو تەلارسازی بریتییە لە داڕشتن و دانانی نەخشەیەکی دیاریکراو، بۆیە جیاوازی لەنێوان تەلارسازی و هونەرەکانی تری وەک شێوەکاری و پەیکەرتاشی، بریتییە لەوەی کەمتر لە هونەرەکان بواری کاری ئازادی تێدایە و زۆرتر بە کۆمەڵێک بنەمای زانستییەوە پابەندە.

تەلار لە کۆنەوە تا ئێستاش هەمیشە لەسەر بنەمای خەیاڵێکی شاعیرانە، تەنانەت سۆفیگەری و ئەفسووناوی دامەزراوە، بۆیە کاتێک شیعرییەت و خەیاڵ بەشێکە لە بیرکردنەوەی خەڵکی لە هەموو سەردەمە جیاوازەکان، بێگومان ئەم شیعرییەت و خەیاڵە لەنێو هونەرەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. لێرەوە تەلارسازی هونەرە، خەڵکی دەیانەوێت لەنێو تەلاردا ئاواز و ڕیتمی جوان و ئیستێتیکی ببینن، گەشت بۆ وڵاتان دەکەن تا لە نزیکەوە شاکارە تەلارسازییەکانی دنیا ببینن، دەچنە میسر بۆ ئەوەی ئەهرامەکان ببینن، دەچنە پاکستان تا تاج مەحەل ببینن، دەچنە ڕۆما و ئەسینا و ... تاد، بۆ ئەوەی تەلاری جوان ببینن. لێرەوە گەشتوگوزاری تەلارسازی سەری هەڵداوە.

یۆنانییە کۆنەکان شەش جۆر هونەریان پۆلێن کردووە و لەلای ئەوان گوزاشت لە هونەرە جوانەکان بوون، کە بریتین لەمانەی خوارەوە: تەلارسازی، موزیک، وێنەکێشان، یان هونەری شێوەکاری، پەیکەرتاشی، شیعر، سەما. بێگومان لە سەردەمی ئێمەدا ئەم سێ جۆرە هونەرەی خوارەوەشی بۆ زیادکراوە: سینەما، تەلەڤزیۆن، کۆمیکس، بەڵام دیارە تەلارسازی لە پێشەوەی هەموو هونەرەکانی ترەوە دێت، خاوەنی کۆمەڵێک سیفەتە لە هونەرەکانی دیکەی جیای دەکاتەوە، چونکە هەموو ئەو هونەرانەی خستمانەڕوو، جۆرێک لە هونەرن مرۆڤ بۆ چێژ و سەلیقەی خۆی تەماشایان دەکات، یان مومارەسەیان دەکات، ئەگەر بتەوێت تابلۆی جوان ببینیت، دەبێت بچیت سەردانی مووزەکان بکەیت، ئەگەر ویستت گوێ لە موزیک بگریت دەبێت بچیتە شانۆ، بچیتە سینەما و ... تاد، لە کاتێکدا تەلار شتێکە هەمیشە لە هەموو شوێنێک لەبەرچاوتە و دەیبینیت، لەناوی دەژیت، لەسەر شەقام و لەسەر ڕێگەکان دەیبینیت، بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ، نەک تەنیا بۆ خۆشی و چێژ و سەلیقەی هونەری بێت.

تەلارسازی کاری بە کۆمەڵ و گرووپە، ڕاستە

تاکەکەسێک نەخشەکەی بۆ دادەنێت، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە لە واقیعدا، پێویستی بە کۆمەڵێک کەسی تایبەت و جیاواز هەیە، پێویستی بە کۆمەڵێک ئامێر و کەلوپەل و مەتریاڵی جیاواز هەیە، ڕاستەوخۆ بە کەشوهەوا و ژینگەوە پەیوەستە، تاکە هونەرە پێویستی بە ئەوپەڕی عەقڵانییەت و ڕژدی هەیە، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک زانستی جیاواز دروست دەکرێت، بە کۆمەڵێک بنەمای پتەو و مەرج و ڕێکاری زانستییەوە پابەندە.

هۆریشیۆ ئەنگرینۆ دەڵێت:" نەخشە بریتییە لە ڕێکخستنێکی زانستییانەی بۆشاییەکان و فۆرمەکان تا لەگەڵ فرمان و شوێندا بگونجێن. لەمیانەی دابەشکردنی بۆشاییەکانەوە ڕوخسار و گرنگی وەزیفەی تەلار دەردەکەوێت، دەبێت هەڵبژاردنی ڕەنگ و نەخشەسازی و زەخرەفەی ناوەوە و دەرەوەش لەگەڵ یاسا ئۆرگانییە وردەکان بگونجێت، چونکە هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەمانە، یان فەرامۆشکردنیان، دەبێت هۆی تایبەتی و پاساوی خۆی هەبێت". گاستۆن ڤیت دەڵێت:" ئەگەر پێوەری ڕەسەنایەتی لەنێو هەر تەرزێک لە تەرزەکانی تەلارسازی بریتی بێت لە شێوازی دابەشکردنی بۆشاییەکان، ئەو کات دەزانین نەخشەکێشانی مزگەوتێک دەبێت نموونەیەک بێت بە ڕوونی گوزارشت لە عەقیدەی ئیسلامەتی بکات، بەو سیفەتەی ئاینێکە خاوەنی کەسایەتی تایبەتی و جیاوازی خۆیەتی". (٣)

بۆ نموونە، ئەگەر تۆ پارچە زەوییەکت هەبێت و بتەوێت بیکەیتە خانوو، یان تەلارێکی بازرگانی، ئەو کات تەلارساز دەبێت وەک هونەرمەندێک نەخشەی بۆ دابنێت بە شێوەیەک ڕەچاوی شەپۆلەکانی هەوا و ڕەشەبا بکات، هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر ڕەچاو بکات، ڕەچاوی ئەوە بکات ڕووکار- واجیهەی تەلارەکە دەکەوێتە کوێ و چۆن دەبێت، ئەوجا لێرەوە شێوازی دابەشکردنی بۆشاییەکان لە ناوەوە دەست پێدەکات.

بۆ نموونە، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت پەنجەرەی چێشتخانە بەڕووی ڕەشەبا و هەوای توندا نەبێت، چونکە لە کاتی چێشت لێنان و کردنەوەی پەنجەرە بۆ هەواگۆڕکێ بۆنی خواردنەکە بەناو ماڵ بڵاودەبێتەوە، ئەم قسەیە بۆ دانانی قاڵدرمەکانیش هەر ڕاستە و دەبێت لە پێش قاڵدرمەکان بۆشایی ڕەچاو بکرێت.

بەشێک لە دابەشکردنی بۆشایی لەنێو ماڵەکان، بە تایبەتیش لەنێو ماڵە کلاسیکی و تەقلیدییەکان دەبینین زۆرینەی ماڵەکان بە گۆشەی شکاوەی (٩٠) پلە دروستکراون تا لە دەرەوە و لە کۆڵانەوە ئەگەر دەرگەش لەسەرپشت بێت، خەڵکی نەتوانن ناوەوەی ماڵەکە ببینن. ئەم شێوە گۆشە شکاوەیە ئەوسا زۆر لەنێو ماڵەکانی بەغدا باو بوون. وەزیفەی سەرەکی گۆشەی شکاو لەناو ماڵەکان بۆ ئەوە بوو کاتێک میوانێک دێتە ناو ئەو ماڵە، نەتوانێت ڕاستەوخۆ ژنەکانی ناو ماڵەکە ببینێت، ئەم فۆرمە لە گۆشەی شکاو لەنێو ماڵی شێخ سەعید ئال مەکتووم هەیە کە لە ساڵی (١٨٩٦) دروست کراوە. (٤)

هەزاران ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ ڕەنگی لەنێو تەلار بەکارهێناوە، ئەمە بە ڕوونی لەنێو ئەو وێنانەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤی کۆن لە ناو ئەشکەوتەکان کێشاویانە، بۆیە ڕەنگسازی لەنێو هونەری تەلارسازیدا مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. وەزیفەی ڕەنگ لەنێو تەلارسازی بریتییە لە بەخشینی هێمنی و ئارامی، ئەگەرچی هەندێک

جار و لەنێو هەندێک تەرزی تەلارسازی ڕەنگی تۆخیش بەکارهێنراوە، بۆ ئەوەی ژیان بە تەلارەکە ببەخشێت. بەکارهێنانی ڕەنگ پێویستە لەگەڵ فۆرمی تەلار بگونجێت، ئەگەرچی هەندێک جاریش جۆرێک لە نەگونجاوی هەیە، بەڵام ئەوەش هەر تەرزێکی تری ڕەنگرێژییە لەنێو تەلارسازیدا و وەستاوەتە سەر سەلیقەی هونەری تەلارساز.

هەندێک ناوچە و وڵات هەن، ڕەنگێک لە ڕەنگەکان بە پیرۆزتر تەماشا دەکەن و دەزانن، ئەوەش بەشێکە لەو تەلارانەی بۆ کاری پەرستن و ئایینی بەکاردەهێنرێن و تەلارساز دەبێت ڕەچاویان بکات، بۆ نموونە لەنێو تەلاری گووتی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ زۆر باوە و بەکاردەهێنرێت، لەنێو ڕەوتی تەلارسازی پۆست مۆدێرنیتێش ڕوانگەیەک هەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە ڕەنگ بەشێکی گرنگ بێت لە تەلار و بەکاربهێنرێت.

ڕەنگ کاریگەری سایکۆلۆژی لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە، بۆیە دەبینین لە زۆر شوێن ڕەنگی هێمن بەکاردەهێنرێت، ڕەنگی شینی ئاسمانی و دەریا بەکاردەهێنرێت، یان پەنجەرە و دەرگەکان بە شین ڕەنگ دەکرێن. لەنێو هەندێک لەو زیندانانەش کە بۆ ئەو تاوانبارانە دروست دەکرێت کە ماوەیەکی زۆری ژیانیانی تێدا بەسەردەبەن، دەبینین ڕەنگی شینی ئاسمانی و ڕەنگی دەریا زۆر بەکاردەهێنرێت، بۆ هێمنکردنەوەی دەروونی زیندانییەکان تا بیر لە ڕاکردن نەکەنەوە، لەنێو نەخۆشخانەکان زۆرتر ڕەنگی سپی بەکاردەهێنرێت، وەک سیمبۆلێک بۆ پاکی و بێگەردی و خاوێنی. بانکەکان زیاتر ڕەنگی وەنەوشەیی و سەوز بەکاردەهێنن، چونکە کاریگەری سایکۆلۆژییانەی لەسەر ڕاکێشانی متمانەی هاووڵاتیاندا هەیە.

لێرەوە تێدەگەین تەلارساز پێش ئەوەی ئەندازیار و نەخشەساز و هونەرمەند بێت، پێویستە فەلسەفەکار بێت، بۆ تەلار خاوەنی ئایدیایەکی فەلسەفی بێت، ئیستێتیکای خوێندبێت و خاوەنی سەلیقە و چێژێکی هونەری بەرز بێت. لەم بارەیەوە عەبدولڕەئووف بەرجاوی لەنێو کتێبی (ئیستێتیکا)دا دەڵێت: " دیاردەی ئیستێتیکی لە هونەردا دیاردەیەکی مرۆڤانەیە، تاڕادەیەکیش لەژێر کاریگەری زانستە مرۆییەکانی وەک سایکۆلۆژیا و دەروونشیکاری و کۆمەڵناسیدایە، ڕاستە بە مانای زۆر ورد ئەمانە فەلسەفە نین، بەڵام لەنێو کەشوهەوای فەلسەفەدان و لێی دانابڕێن، بۆیە ئەگەر هەندێک جار زەحمەت بێت هونەرمەندان لە ڕوانگەی فەلسەفەکاران تێبگەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەندێک جار فەلسەفەکارانیش لە ڕوانگەی هونەرمەندان تێناگەن". (٥)

ئیخوان ئەلسەفا قسەیەکی بەناوبانگیان هەیە کە دەڵێت: برام بزانە، خوێندنی لۆژیکی ئەندازە فێری شارەزاییت دەکات لە هەموو هونەرە پراکتیکییەکان، لە کاتێکدا خوێندنی لۆژیک لە چوارچێوەی ئەندازەی ئیدراکپێکراو و پێوەندی بە گەردووناسییەوە، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی شارەزایی لەبارەی هونەرە باڵاکان، چونکە ئەم زانستە دەروازەی گەیشتنە بە مەعریفە لەبارەی چییەتی و حەقیقەتی گیان کە بنچینەی هەموو زانست و مەعریفەکانن.

واڵتەر گرۆپیۆسی دامەزرێنەری باوهاوس، یان قوتابخانەی باوهاوس دەڵێت: " چەندان سەدەیە تەلارسازی گوزارشت لە پێکهاتەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، گوزارشت لە حەز و ئارەزووی مرۆڤ دەکات، چونکە تەلارەکان تێکەڵەیەکن لە

بنیادی فیزیای مەتریاڵی و بنیادی فەلسەفی و هزری جیاواز، ئەمانە پێکەوە تێما و سەمت و گوزارشت و دنیابینی و دەنگی دەربڕاو و وتووێژی گەرموگوڕی مرۆڤانە پێکدەهێنن".

ڕاشید غەنووشی دەڵێت:" لە پشت هەموو ڕیتم و ئاوازێک و ئاهێک، لە پشت هەموو وێنەیەکی شیعری، یان هۆنراوەیەکەوە بیر و باوەڕێک هەیە، وەک باکگراوندێک لە پشتییەوە وەستاوە: ڕوانگەیەک بۆ ژیان و ئامانج لە ژیان هەیە. مرۆڤ و هێزە گەدروونییەکانیش حوکم لەم ڕوانگەیە دەکەن. شاعیر و هونەرمەند هەرچەندە هەوڵ بدەن دابڕانێک لەنێوان بەرهەمەکانیان لەگەڵ و بیر و بڕوای خۆیان دروست بکەن، بەڵام سەرکەوتن بەدی ناهێنن، تەنانەت ئەو هونەرمەندانەش کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە بەرهەمەکانیان گوزارشتێکی پەتی و ڕاستگۆیە لە سروشت و وەسفێکی بابەتییانەیە بۆ ئەو شتانەی دەیانبینێت، یان ئیدراکیان پێ دەکات، بەڵام ئەوانە بەهەڵەدا چوون، ڕەخنەگری چاوتیژ هەمیشە دەتوانێت کەسایەتی هونەرمەند، یان نووسەر ببینێت چۆن لەنێو بەرهەمەکانیاندا جێکەوتی هەیە.

بەرهەمی ڕەسەن وێنەیەکی ڕاستگۆیانەیە لەبارەی کەسایەتی نووسەر و هونەرمەند، ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت دابڕان لەنێوان کەسایەتی خۆی و هونەرەکەی و بیر و بۆچوون و بڕواکانی دروست بکات، چونکە کەسایەتی مرۆڤ بەشێکە لە هەموو ئەمانە".

(دیکارت)ی فەلسەفەکار و ماتماتیکزان و زانای فەرەنسی کە بە دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرن و ماتماتیکی مۆدێرن ناسراوە، دەڵێت:" ئێمە چۆن لەمیانەی کشان و هزرەوە بیر و بۆچوونی تایبەت و جیاواز بەدەست دەهێنین، چونکە یەکێکیان سروشتی لەشی مرۆڤە و ئەوی دیکەیشیان سروشتی گیانی مرۆڤە".(٦)

لێرەوە تێدەگەین تەلارساز، فەلسەفەکارە و خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم فەلسەفەیەش لەمیانەی نەخشە و شێوازی جێبەجێکردنی تەلار ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە، لویس هێنری سۆلیڤان جۆرێک لە فەلسەفەی تەلارسازی پێڕەو دەکات کە پێی وایە دەبێت فۆرمی تەلار گوزاشت لە وەزیفە و فرمانی تەلارەکە بکات، دەبێت ئەو مەتریاڵ و ماددانەی تێیدا بەکاردەهێنرێن بەشێک لە شێوازی نەخشەکەی بن و لەوێدا جێگەیان بۆ کرابێتەوە و ڕەچاو کرابن. لوید ڕایت پێڕەوی لە فەلسەفەیەک دەکرد لە بواری تەلارسازی کە ناسراوە بە تەلارسازی ئۆرگانی، پێی وابوو دەبێت تەلار لەگەڵ ژینگە و کەشوهەوای دەوروبەری خۆی بگونجێت، هەروەها پێی وابوو پێویست ناکات لەڕووی دەرەوەی تەلار پەنا ببرێتە بەر نەخشونیگار و زەخرەفە.

لێرەوە تێدەگەین هەموو تەلارێک کە دروست دەکرێت دەبێت خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆی بێت، بۆ نموونە ئەحمەد میتۆ کە نەخشەی تەلاری دادگەی دەستووری میسری کێشاوە لە قاهیرە، پشتی بە فەلسەفەی تەلارسازی فیرعەونی بەستووە، مووزەی ئیسلامی لە قەتەر کە لەلایەن تەلارسازێکی وەک ئای ئێم بی ئەمریکی بە بنەچە چینی کێشراوە، پشتی بە فەلسەفەی تەلارسازی ئیسلامی بەستووە، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەم کارە زەحمەتترین کار بووە لە ژیانم کە کردوومە، دەبووایە پێشتر لە جەوهەری تەلارسازی ئیسلامی تێبگەم، بەڵام زەحمەتییەکە لەوەدا بوو کە ئیسلام خۆی فرە کولتوورە، هەر لە ئیبریاوە تا تاج مەحەلی پاکستان و دەرگەکانی چین و ... تاد دەبووایە

ڕەچاو بکەم. شارەزاییم لەبارەی مزگەوتی گەورەی شاری قورتوبەی ئیسپانی هەبوو، پێم وابوو نموونەیەکە لەبارەی لووتکەی تەلارسازی ئیسلامی، بەڵام بەهەڵەدا چووبووم. کاریگەری کەشوهەوا و کولتوور و ژینگەی قورتوبە لە ئیسپانیا بووبووە هۆی ئەوەی نموونەیەکی تەواو پەتی نەبێت، وەک ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕام".

لە کۆتاییدا نەخشەی ئەم موزەیە تێکەڵەیەک بوو لە سرووش وەرگرتن لە گومەزی مزگەوتی تۆلۆن لە فەرەنسا و گۆڕینی بۆ فۆرمی چوارگۆشە و بەکارهێنانی ئەو جۆرە بەردانەی پێشتر مەمالیکەکانی میسر و ئەندازیارە عوسمانییەکان بەکاریان هێنابوون. (٧)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١) نظرية العمارة، ماركوس فيتروفيوس، موقع العربية من الانترنت.

(٢) تەلارسازی و فەلسەفە، کۆمەڵێک نووسەر، لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ل ١٩٣.

(٣) تەلارسازی و فەلسەفە، کۆمەڵێک نووسەر، لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ل ١٦٠.

(٤) تەلارسازی و فەلسەفە، کۆمەڵێک نووسەر، لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ل ١٦١.

(٥) تەلارسازی و فەلسەفە، کۆمەڵێک نووسەر، لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ل ١٩٨.

(٦) تەلارسازی و فەلسەفە، کۆمەڵێک نووسەر، لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ل ٢٠٠.

(٧) تەلارسازی و فەلسەفە، کۆمەڵێک نووسەر، لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ل ٢٠١.